لە بارەی منداڵانەوە

جوبران خەلیل جوبران

" منداڵەکانتان منداڵی ئێوە نین؛ ئەوان کوڕ و کچی ژیانن . ئێوە ئەو منداڵانەتان دروست نەکردوە ، ئێوە تەنها هۆکارێکن بۆ دروستبوونیان. گەرچی لەگەڵ ئێوەدا دەژین، وەلێ مۆڵکی ئێوە نین.
دەکرێ ئێوە خۆشەویستیان بدەنێ؛ بەڵام هەرگیز بۆتان نیە دید و باوەڕی خۆتانیان بەسەردا بسەپێنن؛ چونکێ ئەوان خودێن دید و هزری خۆیانن.
ئێوە دەتوانن خانە و ماڵ، بۆ جەستەی منداڵەکانتان بنیات بنێن، وەلێ نەکەن ئەو کارە لەگەڵ ڕۆحیان بکەن؛ چونکی ڕۆحی وان لە خانەی سبەیدا دەژی، ئەو سبەینێیەی کە ئێوە لە خەونەکانیشتاندا ناینینن.
ئێوە دەتوانن خۆتان وەک ئەون لێبکەن، بەڵام هەرگیز بۆتان نیە ئەوان وەک خۆتان لێبکەن، چونکێ ژیان بەرەوپاش ناگەڕێتەوە و ئاوڕ لە دوێنێ ناداتەوە. "

لە کتێبی ((النبی)) ل 24
وەرگێڕانی بۆ عەرەبی، میخائیل نعیمە
نەوفەل گروپ، بەیروت- لوبنان ساڵی 2006